کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19-4-2007 19:18

## کچێکی تر ئەبێتە قوربانی مۆبایل ... کاروان طلعت

مۆبایل وەك ئامێرێکی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی سەردەم زۆرترین کار بەڕێوە دەبا لەکاتێکی کەمدا، دوورترین ڕێگا نزیك ئەکاتەوە لە هەموو شوێنێکی دنیا ئەتوانیٚ خێراترین هەواڵ بگەینی بەگشت جیهان بەماندوو بوونێکی کەم لێرەدا ئەمەویٚ لەخۆم بپرسم ئەم ئامێرەی من باسی ئەکەم مۆبایلە یا ڤایرۆسە یا ئامێرێکە بۆ لەناوبردنی کۆمەڵگایە یاخود بۆ ئاسان کردنی کاروباری ڕۆژانەیە؟ دیسان ئەمەویٚ بپرسم مۆبایل مرۆڤی دروست کردووە یان مرۆڤ مۆبایلی دروست کردووە؟ ئاساییە گەر مرۆڤێك مۆبایلێك لەناوببات بەڵام، کارەساتە مۆبایلێك مرۆڤ لەناوببا، گەر مرۆڤ مۆبایلی دروست کردووە ئەی بۆ نازانین بەکاری بێنین؟ ئەو پرسیارانەو چەندین پرسیاری تر بیٚ وەڵام ئەمێنێتەوە!




منیش یەکێکم لەو کەسانەی مۆبایلم بەکار هێناوە مەبەستم ئەوە نیە تۆ نازانی ژمارەی سەر مۆبایلەکەت بەکار بێنی یاخود نازانی sms ێك بۆ هاوڕێیەکت بنێری بەڵکو مەبەستم ئەوەیە بۆ لەکاتی خۆی بەکاری ناهێنین ئەوەی من باسی ئەکەم ئەوەیە بۆ لە کۆمەڵگای ئێمە مۆبایل لەکاتی خۆی بەکار نایەت یاخود بۆ شتێك بەکاری ناهێنین کە سوودی لێوەربگیرێت لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو کەسانەی توانستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵاتیان بەهێزەو سوود لە مۆبایل وەردەگرن و لەکاتی خۆی بەکاری دێنن بەڵام ئەوەی جێگای داخە ئەو کۆمەڵگا داماوەیە کەمنی تیادا ئەژیم ڕۆژانە گوێبستی چەندەها ڕوداوی مۆبایل ئەبین، ئەوەی من باسی ئەکەم دوورە لەکات بەسەر بردن وخەلفاندن دوورە لە چیرۆك وئەفسانە.

بەیانیەك لەماڵ وەدەرکەوتم و جانتاکەم بەدەستمەوە بوو ئاسمان ساف وبێگەرد بوو، قاقای ئەو منداڵانەی کە ئەچوون بۆ قوتابخانە دەزرینگایەوە لە گوێم، بەهێواشی ئەرۆیشتم و زۆر هەستم بەبەختەوەری ئەکرد، کاتی گەیشتمە سەرشەقامی سەرەکی وەك هەموو ڕۆژێکی ئاسایی چاوەڕێی پاسم ئەکرد تا بچمە دەوام، کاتی بەسیمایەکی پڕ لەەندەوە بۆ ناو پاسەکە سەرکەوتم لەشوێنێك دانیشتم دوولاوی گەنج لەگفتوگۆ دابوون منیش لەپەنجەرەی پاسەکەوە سەیری دیمەنەجوانەکانی دەرەوەم ئەکرد پاسەکە زۆر بەهێواشی لێیی دەخوڕی و بەتەواوی مەست ببوم، لەپڕ کاتی یەکێك لەو دوو کوڕەی لەپێشم دانیشتبوون ووتی ئەزانی کچێکی تریش بۆتە قوربانی مۆبایل! لەوکاتەی خزابوومە نێو دنیای خەیاڵ و بەختەوەری لەگەڵ بیستنی ئەم قسەیە ڕاچڵەکام و تەزیەکی سارد لەبنی پێمەوە تا تۆقی سەرم هات و مووەکانی لەشم گرژبوون، کوڕی دووەم ووتی نا، شتی وام نەزانیوە بۆم باسکە چۆن بوو؟

کوڕی یەکەم لەدوای ئەوەی پیاوێکی بەتەمەن بەتەنیا لەماڵ دەبێت و کچێکی دراوسێشیان تەمەنی نزیکەی 15 ساڵان دەبێت وەك هەوو ڕۆژێکی ئاسایی دەچێتە ئەو ماڵە بۆ دەرس خوێندن چونکە خێزانی پیاوەکە مامۆستایە پیاوەکەش نازانم چ کارەیە بەڵام هەروەك باسی ئەکەن کەسێکە پێناچی باش بێت، لەوکاتە خێزانەکەی لەماڵ نابێت ئەم کچەداماوەش دەچێت بۆ دەرس خوێندن لەپێناو داهاتووێکی ڕۆشن بەڵام ئەم پیاوە پی دەچی هەستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی زۆر نزم بێت، کاتی ئەو لەو قسانە دابوو منیش لەگەڵ ئەم باسە سەراپا غەم دایگرتبووم و ئەویش درێژەی بەباسەکەی ئەدا لەکاتێك کوڕی دووەم پرسی ئەی ئەوپیاوە هیچ منالی هەیە؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19-4-2007 19:18
کوڕی یەکەم با ئەڵێن منالێشی هەیە بەڵام دیارە لەوکاتەی لەماڵ نەبووینە، ئەم داماوە ئەچێتە ژوورەوە دەبینی کەس لەماڵ نیە ئەم پیاوەش ئەڵی وەرە با ئەمڕۆ من دەرست پی بڵێم، لەلای خۆی دای ئەنی و دواتر ئەچێت ماددەی بی هۆشی بۆ ئەکاتە ناو ئاو و دەرخواردی ئەدا، لەپاشان هەندی کاری سێکسی لەگەڵ ئەکا و بەکامێرای مۆبایلەکەی وێنەی خۆی و کچەکە ئەگری، کچە داماوەکەش بەئاگایە بەڵام هەروەك لە ڤیدیۆ کلیپەکە دیارە هۆشی لای خۆی نیە، لەدوای چەند ڕۆژێك ئەو پیاوە ئەچێتە یانەی عارەق خواردنەوە دا ئەنیشێت و لەگەڵ چەند برادەرێکی سەیری ئەم ڤیدیۆ کلیپە ئەکەن و دواتر بۆ چەند کەسانی تر ئەینێری لەپاش بڵاوبوونەوەی هێشتا ماڵی کچەکە نەیان زانیوە، بەڕاستی تەواوی ئەم باسە بێزاری کردم و لەداخان لێوەکان ووشك ببو لەدوای بیستنی ئەم ڕووداوە کوڕی دووەم هەناسەیەکی ئەسەفی هەڵکێشاو ووتی ئاخ بۆ هەموو کچێکی ئەم سەردەمە هەریەکەو مۆبایلێکی بەدەستەوەیە و ڕۆژانە چەندەها کەس بە سایە یەوە تێدەکەوێت. هەروەك ئەوەی منیش بیستوومە ئەڵێن وێنەی کچێکی زانکۆ تەنها جلی ژێرەوەی لەبەربووە وێنەی خۆی گرتووە و دواتر یەکێك لە هاوڕێە کوڕەکانی وێنەکەی بڵاو دەکاتەوە و ئێستاش ئەم کچە بەستە زمانە وای لی هاتووە واز لەزانکۆ بێنی.

من لەجێگای خۆمەوە هەرەسانم لی هەڵگیراو بە ئەسپایی لەپاسەکە دابەزیم کە هێشتا کەمێکی مابوو بگەمە شوێنی مەبەست، نەم توانی زیاتر گوێبیستی ئەم باسانەبم.

توخوا لەسواری پاسێکا گوێبیستی ڕووداوی لەم جۆرەی مۆبایل بم جا دەبی لەگشت شوێنێکی ئەم شارە چەندین ڕووداوی هاو شێوەی تر هەبێت یاخود چەندان کەس گیریان خواردووە لەدەست مۆبایل. جا کی هەیە وەڵامم بداتەوە کە چیتر پەرە بەم لایەنە نەگەتیڤە نەدەین و هەرچی ڤیدیۆ کلیپ و وێنەی سێکسی لەسەر مۆبایلەکانمانە بیان سڕینەوە یاخود ئەو کەسانەی کەوتوونەتە داوی مۆبایلەوە بیان پارێزین بۆ ئەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی بەرزتر کەین لەکوردستان با چیتر هەڵەکانی مۆبایل نەمان شێوێنی با بتوانین سود لەم ئامێرە پێشکەوتووە وەربگرین.

بۆیە داوا لەوکچە شۆخ و شەنگانە ئەکەم ئاگاداری خۆیان بن لەپێناو ڕازی کردنی دڵی کەسێك خۆیان نەکەنە قوربانی مۆبایل و مەرامی دڵی کەسانی دڵ ڕەش.

یا ئەو لاو و پیرو گەنجانەی بەهەڵە لەژیان گەیشتوون و شەرەف و ناموسی خەڵکی ناپارێزن با لەدنیای ڕەش بێنە دەرەوە روو لەدنیای سپی کەن و تەکانێکی رۆشن بە بیرو هەستیان بدەن و روو لەلایەنی زانست و زانیاری بکەن.

نوسینی / کاروان طلعت karwanuk85@yahoo. com
2007/4/18

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.